## سپاسنامەی بنەماڵەی وەفا

ڕێز و سپاسی خۆمان و بنەماڵەکەمان ئاراستەی هەموو ئەو خوشک و برایانە دەکەین کە لە ماوەی نەخۆشی و هەروەها کۆچی دوایی خۆشەویستی جێگەی شانازیمان- عومەر سوڵتانی(وەفا)دا بەسەردان، هەواڵپرسی، بەشداری کردن لە ڕێ و ڕەسمی بەخاک ئەسپاردن، پرسەدانان لە بۆکان و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئامادەبوون لە کۆڕی ڕێزگرتنی ژیانی وەفا لە شاری لەندەن، باری پەژارەی ئێمەیان سووک کرد.
هەروەها سپاسی ئەو خوشک و برایانە دەکەین کە بە تەلەفون یا لە ڕێگەی ناردنی نامە، فاکس و ئیمەیلەوە بۆ ئەندامانی بنەماڵەکەمان ئازاری ئەو کەسەرە گەورەیان لە گەڵ دابەش کردین.
سپاسی تایبەتیمان پێشکەش بە شاعیران، نووسەران و هونەرمەندانی بۆکان و موکریان و دەرەوەی وڵات، ڕێکخراوەکوردییەکان، ئێزگەکانی تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتە کوردی و فارسییەکان دەکەین کە هەواڵی دڵتەزێنی ماڵئاوایی وەفایان ڕاگەیاند، وتاریان لە سەر نووسی و کۆڕیان بۆ ڕێک خست.
داوای لێبووردن دەکەین کە نەمانتوانی وەڵام و سپاسی تاکەکەسی ئاراستەی هەمووان بکەین. ئاواتی سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازین.

لە لایەن کەسوکار و خزم و دۆست و برادەرانی وەفاوە.

ئامینە محەممەدیان ئاتیە نەزەری

ئەنوەر، حەلیمە، ڕووناک،فاتیح،فایق،نەشمیل، ئازاد، هێرش و شادی سوڵتانی